# حاكم ڕەووف قوربانی داگیركاری ونا ئەمنی یە، و دەبیَ مافی پەنابەریتی بۆ بەڕەسمی بناسرێت

بەپیَ هەواڵەكان و پەیوەندی میدیاكان بەفیدراسیۆنەوە ،حاكم (رووف عبدول رەحمان ) كەسزای لە  سێدارەدانی بەسەر سەدام حسین و بەرزان و عواد بەندەردا دا ماوەی چەند هەفتەیەكە لەگەڵ خێزانەكەی گەیشتۆتەووڵاتی بەریتانیا و داوای مافی پەنابەری كردوە.

ناچاربوونی حاكم رووف بەوەی كە وولات بەجێبهێلێت و داوای مافی پەنابەرێتی بكات، بەر لەهەموو شت ئەو ڕاستیە نیشان دەداتەوە، كە عیراق خاوەنی هیچ سەروەریەكی یاسایی نی یە، و هیچ گۆشەیەكی ئەم عیراقەش ئامن نییە هەر ئەوەشە كە حاكم رەوفی والیكردووە لەپاڵ هەزاران ئینسانی تردا، عیراق و كوردستان بەجیبهیلیت و داوای وەرگرتنی مافی پەنابەری بكات. ئەمەش  جاریكی تر راستی بن بەستی سیاسەتەكانی ئەمریكاو ستراتیجی شكست خواردی ئەو لە گیرانەوەی ئەمنیەت ودامەزراندنی حكومەتدا ئاشكرا دەكات.

من لەچاوپێكەوتنیكدا سەبارەت بە ئیعدامی سەدام حسین بەكەنالەكانی راگەیاندنی بەریتانیام ووت (كە ئەمە سیناریووی داگیركاری ئەمریكا بوو، ئەمریكا لە پرۆسەی دامەزراندنی حكومەت و دابینكردنی ئەمنیەتدا، توشی ناكامی و شكست بووە..... و دەیەویت لە ریگای سازكردنی سیناریۆی دادگای یكردنی سەدام وتاوان بارانی بەعسەوە رەسمیەت بدات بەحكومەتی دەسكەلای خۆیان و قانوونەكەیان حكومەتێك  لەكۆكراوەی نۆینەرانی عەشایرو ئەحزابی قەومی میلیشیای ودەستەو تاقمی ئیسلامی كە لەناوەرۆكدا هیچی كەمتر نەبوو لەسەدام حسین و لەوریگەیەشەوە شكستەكانیان پەردەپۆش بكەن..)

پرۆسەی دادادگاییكردنی سەدام حسین و پاشانیش لە سیدارەدانی لەوولاتیكی داگیركراوداو بە بریاری ئەمریكاو بەدەستی كۆمەلیك مافیاو چەقوكیشی ئیسلامی سیاسی، كە كارنامەی هەموو رۆژەیان دووبارە كردنەوەی هەمان كوشتارو درندەیی بەعسی لەدەسەلاتكەوتووە، لەلایەكەوە رووی سەدام حسین و رژیمەكەی سپی كردەوەو لەلایەكی تریشەوە سەدام حسینی كردە قارەمانیكی میژووی و دە بەرابەریش كیشەكانی لەعیراقدا قوول كردەوەو  پەرەیدا بە نائەمنی زیاتر و كوشت كوشتارو قولكردنەوەی بە یەكدادانی تایفی.

هاوكات ئیعدامی سەدام كرایە كارتیك و پیلانیكی ئاشكرا بۆگیرانەوەی بەعسیەكان و  شەریك كردنیان لەستراتیجی نویَ ی ئەمریكا لەعیراق.

بەدریژای پرۆسەی دادگاییكرنی سەدام حسین كە حاكم رووف و  ژمارەیەك لە حاكم  بەشداریان كرد نەك نەتوانرا ئەو تاوانە گەورانەی رژیمی بەعس بەرامبەر بەخەڵكی عیراق و كوردستانی كردووە بسەلمینریَ، بەلكە بەپیچەوانەوە لەسیدارەدانی سەدام  لە هەلومەرجی داگیركاری و بەبریاری دادگایەكی سەرو خەلكی و كۆنترۆلكراوی ئەمریكیدا، پەردەدرا بەسەر دنیایەك لە نهینی و میژوویەكی پر مەرگەساتی 35 سالەی بەعس و بزوتنەوەیەی ناسیونالییسی عەرەب. و بەم شیوەیەش سەدام حسین لەدادگایەكدا كە شوینی داپۆشینی حەقیقەت بوو بریاری لەسیدارەدانی دراو كرا بە پالەوانی مێژووی هاوچەرخ.

هەلهاتنی حاكم رووف و بیَ اعتمادی ئەو بەحكومەت و دەسەلاتیَ كە ژیان و ئەمنیەتی خۆی و خیزانەكەی پیاریزیت، هات وهاواری بوونی ئەمنیەت و ئاسایشی عیراق و كوردستان بەدرۆدەخاتەوە، كەدەولەتانی ئەوروپاو بەریتانیا، لەچوارچیوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریە چاوچنۆكەكانیاندا بانگەشەی بۆدەكەن.

حاكم رووف پەنابەرێكە هاوولاتی كوردستانە، ئەمەش نیشان دەدات ئەوئیدعایانەی كە لەسەر ( ئەمنیت و ئاسایش)ی كوردستان دەكریێت هەم بی بنەمایەو هەم  درۆیەكی ئاشكرایە، كە دەتوانیَ وەڵامی دانشكێن بە حكومەتەكەی توونی بلیر بداتەوە كە بەو بەهانانە كەوتوونەتە دیپۆرتی بەزۆری پەنابەرانی كورد بۆ كوردستان .

حاكم رووف بەهۆی كیشەی سیاسی و نائەمنی و داگیركاری بیَ ئیعتیمادی بەدەولەتێك كە خۆی لەریزی دادگاكەیدا راوەستابوو، ناچاربووە رابكات و داوای ماف پەنابەریتی بكات.

**حاكم رووف  لەگەل ئەوەدا کە داوای مافی پەنابەریتی دەکات، و ئەمە مافیکی رەواو سەرەتایی خۆیەتی،  هاوکات بە نیشاندانی حەقیقەتی سیناریوی دادگای بالای تاوانەکانی عیراق، دەتوانیت ئەرکیکی گرنگی سەرشانی خۆی ئەنجام بدات. پێویستە حاکم رووف لەمافی پەنابەری بە هرەمەند بێت.**

**دەشتی جەمال**

2007-3-11